# یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٨**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٧/٦/٢**

**«بڕیار»**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە «١»ی مادده «٥٦» لەیاسای ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢داو لەسەر داوای وەزیری ناوخۆو ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ئاسایی خۆی ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٢دا ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرهێنا:

## یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە «١٧»ی ساڵی ١٩٩٣

**ماددەی یەکەم:**
ئەو ماوەیەی لەبڕگە یەکی مادده حەوتدا هاتووە دەگۆڕدرێت و لە «٣٠» ڕۆژەوە دەکرێت بە «٩٠» نەوەد ڕۆژ.

**ماددەی دووەم:**
ئەو ماوەیەی لە بڕگە سێی مادده حەوتدا هاتووە دەگۆڕدرێت و لە «٤٥» ڕۆژەوە دەکرێتە «٩٠» نەوەد ڕۆژ.

**ماددەی سێیەم:**
ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**